


سێشەممە 5.6.2007

دەرسیم دیبەگەیی

Darsim2006@hotmail.com


# لیدیاو کەناچە

دوا پێکی وێسکییەکەم هەڵدا. چەند مژێکیشم لەو جگەرەیەدا، کە دوا جگەرەی پاکەتەکەی ئەمشەوم بوو. هەڵسامەوەو هەرچۆنێک بێت خۆم گەیاندە بەر ئەو پەنجەرەیەی، کە دەڕوانێتە سەر شەقامە سەرەکییەکە. دوای لادانی پەردەکە، لە پەنجەرەی ژوورە خامۆشەکەمەوە سەیرێکی دەرەوەم کرد. نە جریوەی ئەستێرە لە من ئاوارەکانتر، نەتریفەی مانگی رەنگزەرد، هیچیانم بەدی نەکرد. شەوێکی تووشە، کڕێوەیەو تەمێکی خەستو چڕ بەری ئاسمانی گرتووە. بەهۆی بەفرەوە چاو تەنیا بیست سی مەترێک دەبینێت. چەند کاتژمێرێک بەر لەئێستا وا نەبوو. بەرلەوەی دەست بکەم بەخواردنەوە، خۆ سەیرێکی دەرەوەم کرد، بەڵام نە بەفرو نە کڕێوە بوو، تەنیا ئاسمان بەچەشنی کراسی کچە هەژارێک هەور پینەپینەی کردبوو!

لەشەوێکی ئاوا ساردی ئەم زستانە ساردو تووشەی هەندەراندا، بەئەندێشەو یادی لیدیا سەری وێسکییەکەم هەڵپچڕیو دەستم بە خواردنەوە کرد. سەرەتا بەدەم گوێگرتنی مۆسیکێکی ئارامو دواییش هەموو ئەو گۆرانییە هەڵبژاردانەی کە بەدڵی هەردووکمان بوونو کۆپییشیان لای هەردووکمانیش هەبوو، بەرە بەرە یەکە یەکەی لاپەڕەی رۆژانی ئەڤینو ژوانە نەمرەکانم هەڵدەدایەوە. چ موچڕکێکی شادیو دواتریش پڕ لەئازار سەرتاپای گیانمی تەنییەوە! موچڕکو ئازارەکان، بەیەکەوەو لەگەڵ هەر فرێک یان پێکێکدا بەناو مێشکو تەواوی دەمارەکانی لەشمدا لەگەڵ خوێندا دەسوڕانەوەو، مەستتریان دەکردم! یادەکان زۆرنو ژوانەکانمان بێژمارن، ئاخر هەروەکو خۆت گووتەنی: "خۆ ئێمە هەروەکو ژنو مێرد واین". ئەمشەو یادەکانت بۆم بوون بەپۆلووە ئاگرێکو خۆمم لەبەردا گەرم کردنەوە. ئەمشەو یادەکانت بۆم بوون بە خۆشترین سیمفۆنیاو تێکەڵ بەگیانم دەبوونو ئارامییان پێ دەبەخشیم، چونکە بۆ یەکەم جارە دوای ماوەیەکی زۆر بەسەر دابڕانمان بەمشێوەیە دانیشمو چاوێک بەڕابردووی داستانی ئەوینی خۆماندا بخشێنمەوە! کەچی وەکو ژانێکی لەناکاو جارجار یادەکانت ئازاریان دەدام، چونکە دەمزانی تازە کۆتری ئەڤینت لەهێلانەی دڵما هەرەتە بووەو جارێکی تر بۆی ناگەڕێتەوە!

گوڵم نازانم لەبیرتە یان نا؟ کە لەگەڵ هەر ژوانێکی نوێدا دەتگووت: هەروەکو "سەربازی ون"ی پەشێو، لە کەناری هەر دەریایێ، هەر رووبارێ، لەژێر درەختی هەر باخێ، هەر کلیسایێ، هەر دارستانێ، هەر پارکێ، لەژێر هەرگەزە ئاسمانێ، لەسەر هەر بستە زەمینێکی ئەم شارە، دوور لەچاوی ناحەزانمان، هەزاران راموسین، ئاوێزان، گەوزینو تێکەڵبوونمان یادگارە!

ئای دڵەکەم چەند شادبووم بەبینینت، شادبووم بەناسینت، شادبووم بەئاشنایەتیت، شادبووم بەئەڤینت. دوای ئەوەی تۆم ناسی، ئینجا بەتەواوی لەمانای ژیان گەیشتم، دوای ناسینت تێگەیشتم کە هەر ژنەو تامو چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دڵنیام تامو چێژی تۆ لەهەموو ژنی جیهاندا خۆشترو بەلەزەتترە! ئای لەوە، خۆ تۆ هیچت نەخوێندبوو، کەچی مامۆستاو شارەزای خۆشەویستیو سێکس بووی، سەیرە خۆ هیچ بڕوانامەیەکت نەبوو، کەچی وانەی ئەڤینو خۆشەویستیت فێر دەکردم! چەند سەیربوو خۆ لەهیچ بوارو زانستێکدا پسپۆر نەبووی، کەچی ئەوەندە لێزانو شارەزابووی لەسێکسی فەرەنسی هەروەکو بڵێی دەیان بڕوانامەی دکتۆراو پسپۆریت هەبێت لەم بوارەدا.

ئای گوڵ لەو رۆژەی کە باسی چیرۆکی ناسکو کەناچەم بۆتکرد، ئای چەند بەتاسەوە گوێت بۆ چیرۆکی دڵداری یەکەمم شلکردبوو، لەگەڵ هەر دڵۆپە فرمێسکێکی مندا بەدەیانو سەدان دڵۆپ فرمێسکت دەڕشت. لەگەڵ هەر هەنسکو قوڵپەی گریانێکمدا بەسەدان هەنسکت دەدا، ئەویش لەسەرتەوە هەستم پێدەکرد کە سەرت خستبووە سەر دڵم. بەدەنگ دەگریای، ئای تراژیدیای دابڕانم لە ناسک چەند کاری تێکردی! ئای لەگەڵ هەر وشەو دێرێکی چیرۆکی ناسکو کەناچەدا دەنگی هەنسکو گریانت زیاتر بەرز دەبوونەوەو فرمێسکەکانت زۆرتر سەر سینگو دڵمیان تەڕ دەکردا! جار جاریش بەزمانمان فرمێسکی یەکترمان دەسڕیەوە! نازانم بیرتە یان نا گیانە، دوای چەندین ماچی تەڕو هەنگوینیو مژینی شیلەی نێودەمی

یەکتر پێتم گوت: گوڵ، دڵ دەزانی لەو ڕۆژەی کە تۆم ناسیووەو خۆشویستووە، هەست دەکەم کەناچەی خۆم دۆزیوەتەوەو چیتر بەدوایدا وێڵ نیم، بەڵام هەر لەو ڕۆژە دەترسم ئەگەر بێتوو لەگەڵ تۆدا لێکدابڕێین برینەکەم دەبێتە دوو برینو، ئەمجارەیان وێڵ دەبم بەدوای جووتێ کەناچەدا؟ ئای چەند سەیرە بەلامەوە، خۆ دەڵێن خۆشەویستی یەکەم لەهەموو خۆشەویستییەک پیرۆزترە، کەچی نازانم بۆ لای من ئەوەی دووەم لەوەی یەکەم خۆشەویسترو پیرۆزترە ئێستاشی لەگەڵدابێ!

گوڵ لەوەوە دەستم پێکرد، هاوڕێیەکم کاتی خۆی باسی چیرۆکی کەناچەی بەمشێوەیە بۆکردم: (کەناچە باڵدارێکی قەشەنگەو هەردەم لەنزیک کەناری دەریا، رووبارو زۆڵکاوەکاندا دەژیت. ناونانی ئەو باڵندە لەبەرئەوە بووە کە لەکاتی خوێندندا بانگدەکات: کەناچە کەناچە. وەکو دەگێڕنەوە کەناچە ژنێکی تابلێی ناسکو جوان لەچەشنی مۆنالیزاو لیدیا (تۆدا) بووە، لەئەنجامی ڕوودانی کارەساتێکی جەرگبڕدا بۆتە ئەم باڵدارەی ئێستا. ئەو ژنە شۆخوشەنگە کچێکی هەبووە بەناوی کەناچە کە زۆر زۆر لەخۆی جوانتر بووە. ڕۆژێک لەڕۆژان دایکی کەناچە بزگوڕو پێویستییەکانی کۆڵکردن هەڵدەگرێتو، دەستی کەناچەی تەمەن چوار پێنج ساڵانە دەگرێتو، بەرەو کەنار دەریا دەڕۆن. دوای گەیشتنیان ئەو شۆڕەژنە لەپەنایەک، ئاگرێک دەکاتەوەو مەنجەڵێک ئاوی دەخاتە سەر. دوای ئاو گەرمکردنەکە، یەکەمجار سەری کەناچە دەشوات، دواتر دەست دەکات بەجل شۆرینو، کەناچەش ئاگادار دەکاتەوە کە نەکات نزیکی ڕووبارەکە بکەوێتەوە تاوەکو لەجلەکان دەبێتەوەو، خۆیشی دەشوات! کەناچەی نازەنین بەدەنگە پڕ لە سۆزەکەی گوێڕایەڵی خۆی بۆ دایکی نیشاندەدات. لەکاتێکدا کە دایکی کەناچە خەریکی شۆرینی قژە درێژوو زەردە لووسەکەی بووە، کەناچە هەلی بۆ ڕێککەوتو بەمەبەستی یاریکردن لەڕووبارەکە نزیک دەبێتەوە. سەرەتا لەقەراخ ڕووبارەکە، لەتەنکاوەکەدا دەستی یان قاچێکی تەڕ دەکات! کەناچە لەو یارییەدا بەرە بەرە هەستی بەخۆشیی زۆرتر دەکرد، بۆیە ویستی زیاتر بچێتە ناو ئاوەکە، بەڵام لەناکاو قاچێکی کەناچە دەخزێتو دەکەوێتە ناو ڕووبارەکە. لەگەڵ یەکەم زریکەو هاواری کەناچەدا، دایکەی هەشبەسەر بەڕووتو قووتیو قریشکەی گریانەوە غاردەدات بەرەو ئەو شوێنەی دەنگی کەناچەی لێوە هات. بەڵام تادایکە دەگاتە تەنکاوەکە، شەپۆڵو هاژەی هاری ڕووبارەکە کەناچەی خونچە لەگەڵ خۆیدا دەباتو سەرەنگوومی دەکات. دایکەکە بەبێ ئومێدییەکی زۆرو نیوە مردنێک هەرچۆنێک بێت لەئاوەکە دەردەچێت. لەکەنار ڕووبارەکە دادەنیشێت. سەرەتا دەست دەکات بەگریانو شیوەنو لەخۆدانێکی قوڕس. دوای تێپەڕبوونی چەند کاتژمێرێک بەمشێوەیەو هاتنی ئێوارەو نزیکبوونەوەی خۆرئاوابوون، دایکی کەناچە ڕوودەکاتە ئاسمانو دەست دەکات بەپاڕانەوە لەخوا بۆ ئەوەی یان بە کەناچەی کچی شادی بکاتەوە، یاخود بیکات بە باڵدارێک بۆئەوەی بەهیوای دۆزینەوەی کەناچەی پەپوولە هەردەم لەنزیک ئەو ڕووبارەدا بژیت. ئاواتی یەکەمی ئەو ژنە شۆخو دڵ پڕ لەخەمە چۆن دێتەدی؟ ئای لەو بەدبەختییەی دایکەی جگەرسووتاو! لەئەنجامی ئەم هەموو پاڕانەوەیەدا خوا داواکاری دووەمی ژنە جێبەجێدەکاتو دەیکات بە باڵدارێکی ئاویو هەردەم بەمشێوەیە بەبانگکردنی کەناچە کەناچە بەدوای کچەکەیدا دەگەڕێت).

کاتێک کە لەنێو چوار دیواری زیندانی (ئەبوغرێب)دا بەندکرابووم، هەموو بەیانییەک لەگەڵ کازیوەدا لەپێناوی هەڵمژینی هەوایەکی پاکو بێگەرد دەهاتمە نێو گۆڕەپانی زیندانەکە، کەچی لەبەر بەرزیی دیوارەکانی، لە ئاسمان زیاتر، هیچ شتێکی ترمان نەدەبینی. بەڵام دەمانزانی لەو دیوی دیواری زیندانەکەی ئێمەدا چەندین زۆڵکاوی تیابوو، هەر لەگەڵ یەکەم پیاسەی بەرەبەیاندا گوێبیستی دەنگی بەسۆزی چەند باڵدارێک بووم، کە بەدەنگێکی زۆر ڕوون هاواریان دەکرد کەناچە... کەناچە. ئەندێشە یەکسەر بردمیەوە لای ئەو هاوڕێیەی کە ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕابوومەوەو، زانیم ئەوەیە ئەو باڵدارەی، کە برادەرەکەم چیرۆکەکەی بۆ گێڕابووینەوە. چرکەیەکی چەند ناخۆش بوو. یەکسەر خۆم وەکو ئەو باڵدارە هاتە پێش چاو، کە هەردەم هاواری دەکرد کەناچە... کەناچە. لەگەڵ هەر هاوارێکی ئەو باڵدارەدا منیش لەدڵو لەناخەوە بانگم دەکرد ناسک...ناسک... کچێ هۆ ناسک گیان. هەستێکی واشم لا دروست ببوو، کە منیش بەدەردی دایکی کەناچە دەچمو هەرگیز بە کەناچەی خۆم شادنابمەوە، هەتا ئەگەر ئازادیش بم، شادبوونمان بەیەکتر کارێکی زۆر زەحمەت دەبێت!

دوای ئازاد بوونیشم لەزیندان تووشی کێشەی زۆر بوومەوە لەسەر کەناچەکەم. بەر لەڕاپەڕین ڕێگری بەیەک گەیشتنمان

بوون لەسەر ئەوەی، کە بەهۆی کاری رامیاریمەوە خاوەن رابردوویەکی خراپمو، دوای راپەرینیش لەبەرئەوەی باوەڕم بەو بارودۆخەی کوردستان نەبوو، دوورکەوتمەوە لەگۆڕەپانی رامیاریدا، ئەمجارەیان چونکە بەرپرس نیمو هیچ پلەیەکی پارتایەتیم نییە، دیسان ماڵە باوانی ئەو بوونە بەربەستێک لەبەردەم گەیشتنمان بەهیواو ئاواتەکانمانو خەونەکانی هەردووکمانیان زیندەبەچاڵ کردو بەدەردی مەمو زینیان بردین!

ئای لەگەڵ تەواوبوونی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا لیدیای شۆڕەژن چۆن لەهوڕژمی گریانیداو، توندترو توندتر خۆی پێوە دەنووساندمو زۆرتر دەهاتە هێلانەی باوەشمو شوێنی خۆی خۆشتر دەکرد! بەچاوی پڕ لەفرمێسکو قوڕگێکی نووساو گلەیی لە بێهەڵوێستیی ناسک کردو، سوێندی خوارد کە هەرگیز وەکو ئەو بێ هەڵوێست نابێت! کەچی هەر لەو ژوانەدا بوو، کە باسی چیرۆکی ناسکو کەناچەم بۆ کرد، گوتم گوڵم زۆر لەوە دەترسم چۆن بەنهێنی لەدەرگای خۆشەویستیی دڵمت داو بێ هیچ پێشەکییەک خۆت کرد بەژووردا، بەهەمان خێراییو نهێنیش لەنێو ئێشو ئازاری دەردی لێکدابڕاندا بەتەنیا جێمبهێڵی، چونکە من هەر دوای هەرەسهێنانی یەکەم خۆشەویستیم، خەونم بینیوە بەوەی کە تەمەنی خۆشەویستیی دووەمیشم هەروەکو ئەوەی یەکەمم لەچوار ساڵ درێژتر نابێتو، جوانەمەرگ دەبێت! ئای لیدیا گیان چۆن خۆت فرێدایە باوەشمو گوتت قوربانت بم، قوربانی دایکیشت بم، کە تۆی بۆمن هێناوە، مەگەر تەنیا مردن لەیەکمان جیاکاتەوە ئارام گیان! تۆ کە بێوەژنێکی وەکو منت تا ئەو رادەیە خۆشبوێتو بەسەدان کچ نەمگۆڕیتەوە، چۆن دڵم دێت فرێت بدەمە بیابانی خۆشەویستیو تەنیایی، دەبێت هەردەم لەقووڵایی دڵمەوە بیت! ئەی باشە بۆ بەگەنجێتیو بەر لەشووکردنم تۆم نەدەناسی؟ بەڵام ئێستاش نەچووە بچێت! هەروەکو چۆن من نوێژەکانم قەڵڵا دەکەمەوە... تۆش ئەو ماوەیەی کە شووم کردووەو تا ئەو رۆژەی کە تۆم ناسیووە، کە دەکاتە بیست ساڵ، دەبێت هەموویم بۆ قەڵڵا بکەیتەوانێ!

کەچی گوڵم تەنیا یەک مانگی رێک دوای داگیرساندنی مۆمی چوارەم ساڵی تەمەنی ئەڤینو زەماوەندی نهێنیمان، کێوی خۆشەویستیمان رماو هەوری رقو کینەمان بەسەر یەکدا گرماندیو هەر یەکەو هەرەشەی ژیانیان لەوەیتر دەکرد!!!

لەو رۆژەوە تاوەکو ئێستاش تاکە شت کە یارمەتیم بداتو ئارامم بکاتەوە کۆپی گۆرانییە هەڵبژاردەکانی هەردووکمانن، بەم دواییەش هەڵبەستی (ئاهێک پڕ لەپەشیمانی بۆ منالی)، لەنووسینی هەڵبەستوان (کاوە حوسێن)ە، کە کتومت دەڵێی چیرۆکی دڵداری ئێمەی هۆنیوەتەوە، بەتایبەت ئەو چەند کۆپڵەیەی خوارەوە:

نەکەی بگری ئەگەر رۆژێ دڵت تەنگ بوو بۆ دیدارم
چونکە ئێستا نەک لەدیـــــــــدار لەوێنەکەشت بێزارم

تێپەڕی رۆیی ئەو دەمانەی من بۆ تۆ خۆم بسووتێنم
یان تا لەشیعرێک دەبمەوە سەدانجار ناوی تۆ بێنم

ئەگەر بێتو تۆی شـــازادە لەبەهەشتا بی وەک پەری
دوور نییە گشت بێباوەڕێ بۆ سەر دینی یەزدان بەری

هەموو ساتێک خەمێکی تـــۆ لەنێو دڵما نیشتەجێیە
خۆ ناشتوانم بڵێم بڕۆ ناسنامەی عەشقی تۆی پێیە

ئەو ساتانەی خۆشم ویستی سەردەمێ بوو تێپەڕی رۆی
تازە من خەمی بۆ ناخـۆم خانەخوێی ئەو خەمانە تۆی

پیرۆزت بێ عەشقی تازەت هیوای دونیات بۆ ئەخوازم

تێبینی: ئەم چیرۆکەم لە رۆژی پێنجشەممە ریکەوتی (16.12.1989)دا نووسراوە، دواتر لەمانگی شەشی ساڵی (2007)دا بەدەستکارییەوە سەر لەنوێ نووسراوەتەوە.